# هەڵوێستی سەرانی کوردو نەوشێروان مستەفا وەك خۆی سەبارەت بە پرسی دادگاییکردنی نزار خەزرەجی لە دانمارك!



یەکشەممە 28.2.2010

دەرسیم دیبەگەیی

Darsim2006@hotmail.com

لەکاتی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانی ساڵی رابردوو، لەڕێکەوتی (22.7.2009)دا بزووتنەوەی گۆڕان نامەکانی دکتۆر فوئاد مەعسوم ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانو، مام جەلال سکرتێری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کە بۆ وەزیری دادی دانمارکی نووسیبوویان، لە رۆژنامەی (رۆژنامە)دا بڵاوکردەوەو لە کەناڵی ئاسمانی (کەی. ئێن. ئێن)یش نامەکانیان خستەڕوو. هەمان رۆژ رۆژنامەنووسێکی سەربە کۆمپانیای ووشە بەناوی (پشتیوان سەعدوڵڵا) پەیوەندی کردبوو بە هەریەک لە (نەریمان)ی برامو (عومەر محەمەد)ی ئەندامی رێکخراوی چاک ئینفۆ، داوای ژمارەی تەلەفۆنی منی لێ کردبوون. عومەر محەمەد تەلەفۆنەکەی منی پێدابوو، بەڵام نەریمانی برام تەلەفۆنی بۆ کردمو پرسی پێکردم، منیش قایلبووم ژمارەکەی بداتێ. بەرلەوەی بچمە ناو وردەکارییەکانی هەڵوێستی نەوشێروان مستەفاو کۆمپانیای ووشە، دەمەوێت ئاماژە بە نامەکانو هەڵوێستی سەرکردەو سیاسەتمەدارانی کورد بکەم.

مام جەلال، لەڕێکەوتی (28.11.2002)دا نامەکەی بۆ وەزیری دادی دانیمارکی نووسیوە کە تیایدا هاتووە: (خەزرەجی، هەر لە تەمەنی لاوێتیدا خۆبەختکارێکی ئێراقی بووە، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ کە لەدڵەوە لایەنگیری رژێمە دیکتاتۆرەکەیە. کاتێ خەزرەجی خۆی گەیاندە ریزەکانی پارتی بەعسو سوپا، خۆی خستە پاڵ چەپەکانەوە کە دژ بەگرووپی سەددامو عەفلەقیەکان بوو. دوای ئەوەی خەزرەجی پلەی بەرزبووەوە بۆ فەرماندەی فەیلەقی یەک پەیوەندییەکی پتەوی لەگەڵ (ینک) بەست. بەزانیاری تەواوی بەندە، خەزرەجی خودی خۆی بەشداری ئەنفال یان بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی نەکردووە. وەکو خۆم هەستدەکەم رژێمی ئێراقی هانی (پ.ک.ک)و هەندێک کوردی ئێراقی داوە کە مەسەلە تراژیدیەکەی هەڵەبجە کاری تێکردبوون، بۆ دانانی پلانێک لەدژی خەزرەجی).

وەکو وەڵامێک بۆ ناڕاستی بۆچوونەکەی تاڵەبانی، ئاماژە بە هەڵوێستی برادەرانی (پ. ک. ک) دەدەم، کە لەلای کەسایەتییەکی بەڕێزو دیاری کورد بەناوی (د. ج. ق)دا گوتوویانە: (ئەوەی کۆمیتەی خستنەگەڕی هەوڵەکان بۆ دادگاییکردنی تۆمەتبار نزار خەزرەجی لە دانمارک پێی هەڵساون، جگە لە شانۆگەرییەکی دەزگای هەواڵگری (موخابەراتی) سەدامو بەعس شتێکی تر نییە).

هەر بۆ وەڵامی مام جەلال کە گوایە رژێمی ئێراقی هانی هەندێک کوردی ئێراقی (واتە ئێمەی سەربە کۆمیتەی خستنەگەڕی هەوڵەکان بۆ دادگاییکردنی تۆمەتبار نزار خەزرەجی) دابێت، رۆژنامەیەکی دانمارکی لە ژمارەیەکی خۆیدا لە کۆتایی ساڵی (2001)دا بوو یان سەرەتای (2002)دا بوو، نووسیبووی: (دوای لێکۆڵینەوەیەکی وردو چڕی دەزگای سی. ئای. ئەی ئەمریکی دەرکەوتووە ئەوانەی کە سکاڵایان لەدژی نزار خەزرەجی لە دانمارک تۆمارکردووە، هەر هەموویان قوربانی دەستی رژێمی ئێراقنو، تێیاندایە چەندین شەهیدیان هەیە لە کیمیابارانو ئەنفالو خزمو کەسیان لە سێدارەدراوە یان ناوچەکانیان بەر شاڵاوی راگواستنو بەعارەبکردن بۆتەوە. سی. ئای. ئەی. بۆی روونبۆتەوە کە هیچیان پەیوەندییان بە رژێمی ئێراقەوە نییە، بەڵکو لەبەر دڵسۆزیان بۆ کوردو لە ئەنجامی ئەو زیانو ئازارانەی لە لایەن رژێمی ئێراقەوە بەریان کەوتووە بەو کارە هەڵساون). دەقی رۆژنامەکە لای من پارێزراوەو کاتی خۆیشی لەڕاگەیاندنێکی کۆمیتەی ناوبراو لەسەرەوەدا ئاماژەمان بە ناوی رۆژنامەکەو ژمارەی رۆژنامەکە کردووە، بەڵام ئێستاکە لەبەر دەستدا نییەو هەرکاتێ پێویستیکرد بەدوایدا دەگەڕێمو دەیدۆزمەوە.

فوئاد مەعسوم، لەڕێکەوتی (10.10.2001)دا نامەیەکی بۆ وەزیری دادی دانمارکی (فرانک یەنسن) ناردووە، ئەمەش بەشێکە لەو نامەیەدا: (فەریقی روکن نزار ئەلخەزرەجی لەلای ئێمە وەکو کەسایەتییەکی سەربازی نیشتمانیی بێ وێنەو بەناوو ناوبانگێکی باش ناسراوە. بەگوێرەی زانیارییەکانی ئێمە خەزرەجی هیچ رۆڵێکی لە لێدانی هەڵەبجە بەچەکی کیمیاوی نەبووەو بەشداری شاڵاوەکانی ئەنفالیشی نەکردووەو دژی تاوانی جەنگ بووە).

جەواد مەلای سەرۆکی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان کە پەیوەندییەکی باشم لەگەڵیدا هەیەو کوردێکی زۆر دڵسۆزو نیشتمانپەروەرە، لەسەرەتای هەوڵەکانمان بۆ دادگاییکردنی تۆمەتبار نزار خەزرەجی داوای لێکردم ئەگەر بێتوو لەژێر چەتری کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان هەوڵی دادگاییکردنی تۆمەتباری ناوبراو بەڕێوەبەرین، ئەو ئامادەیە تەواوی تێچووی پارەی دادگاییکردنەکە بخاتە ئەستۆی خۆیو کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان. دەستبەجێ داواکەم رەتکردەوەو گووتم: (لەگەڵ ئەندامانی تری کۆمیتەی خستنەگەڕی هەوڵەکان بۆ دادگاییکردنی تۆمەتبار نزار خەزرەجی باسی دەکەم، بەڵام من پێشەکی قایل نیم). لە کۆبوونەوەی داهاتووی کۆمیتەکەمان لەگەڵ ئەندامان باسی ئەو داواکارییەی جەواد مەلام کرد، کە ئەوانیش قایل نەبوون. دوای نزیکەی مانگێک پێویستیمان بە یارمەتی دارایی هەبوو لەپێناوی جێبەجێکردنی کارەکانمانو شەوێک تەلەفۆن بۆ جەواد مەلا کردو، داوام لێکرد وەکو سەرۆکی کۆنگرەی ناوبراو لەسەرەوەدا بە بڕێک پارە یارمەتیمان بدات. بەڵام ناوبراو گووتی: (پارەمان نییەو، داوا لە کۆسرەت رەسوڵی برادەرت بکە کە یارمەتیتان بدات، خۆ تۆ یەکێتیی). هەرچەندە گووتم: من یەکێتیی نیم، ئەگەر یەکێتیی بوومایە بەوکارە هەڵنەدەستام کە یەکێتیی پێی خۆش نییە. بەڵام کە زانیم سوودی نەبوو، بۆیە لە کورتی کۆتاییم بەو گفتوگۆیە بێزەنتییە هێنا).

لێرەدا زۆر بەکورتی ئاماژە بە هەڵوێستی کوردانەو نیشتمانپەروەرانەی هەندێک لە سەرکردەو بەرپرسانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەدەم لەنێویاندا (کە لە مانگی تەموزی ساڵی (2002)دا لە ماڵەکەی خۆیدا بینیمو گفتی هاوکاری کۆمیتەکەمانی دا)، شەهید شاخەوان، جەلال جەوهەر عەزیز، شاڵاو عەلی عەسکەری، ئازاد خانەقینی، سەعدون فەیلی، مەنسور حەمە کەریمو دلێری مامۆستا قادر جێگری ئێستای مەڵبەندی دووی کەرکوکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان.

ئەوانەی کە هەڵوێستیان زۆر نێگەتیڤانە بوو نەوشێروان مستەفا ئەمین، جێگری ئەوکاتی سکرتێری گشتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانو بەرپرسی کۆمپانیای ووشەو بزووتنەوەی گۆڕانی ئێستا، لەگەڵ هەریەک لە ئەندامی مەکتەبی سیاسی (ی. ن. ک) ئەرسەلان بایز ئیسماعیلو ئەندامی سەرکردایەتی (ی. ن. ک) عەبدولرەزاق فەیلیو لە دانمارک-یش فەرهاد فەیلی بەرپرسی پەیوەندییەکانی (ی. ن.ک).

دوای سکاڵا کردنمان لە تۆمەتباری کوردکوژ فەریق یەکەمی روکن نزار عەبدولکەریم فەیسەڵ خەزرەجی سەرۆکی ئەرکانی سوپای شومی ئێراق، کۆمیتەیەکمان بەناوی (کۆمیتەی خستنەگەڕی هەوڵەکان بۆ دادگاییکردنی تۆمەتبار نزار خەزرەجی لە دانمارک) پێکهێنا. کۆمیتەکە پێکهاتبوو لە ئەندامێتی هەریەک لە (دەرسیم دیبەگەیی، ئەحمەد عەزیز تاڵیب، گۆران غەفور هەڵەبجەییو نەوزاد مارف). کاری سەرەکی کۆمیتەکەمان کۆکردنەوەی بەڵگەنامەو پەیوەندیکردن بە پۆلیسو دادگا لە دانمارکو کوردستانو کوردانی هەندەران بوو لەپێناوی دابینکردنی پشتیوانی بۆ کۆمیتەکەمان. یەکێک لەو بەڵگەنامانی کە لە کۆتایی ساڵی (2001)دا بۆ پۆلیسی دانمارکی ناردمان بریتیبوو لە لاپەڕەکانی (141-142)ی پەرتووکی نەوشێروان مستەفا ئەمین بەناوی (خولانەوە لەناو بازنەدا دیوی ناوەوەی روداوەکانی کوردستانی ئێراق 1984-1988)، کە نووسەر باسی بۆسەیەکی سەرنەکەوتوو دەکات لەسەر رێگای سەرەکی سلێمانی – دوکان لەلایەن پێشمەرگەکانی (ی. ن. ک)، کە دواتر نزار خەزرەجی دوای راکردنی لە ئێراقو جیابوونەوەی لە سەدام لە لەندەن بۆ نەوشێروان مستەفای باسکردووە، ئەگەر بێتوو جاشێکی رەبییەکی نزیک ئەو شوێنە بەغاردان نەهاتبایەو

ئاگاداری کاروانە سەربازییەکەی نەکردایە کە خەزرەجیو چەندین ئەندامی فەرماندەیی گشتی هێزە چەکدارەکانو چەند فەرماندەیەکی فەیلەقی لەگەڵ بووە، لەوانەبوو هەموویان بکوژرانایەو ئەنفالی یەک شکستی بهێنایە. پۆلیسی دانمارک داوای ژمارەی تەلەفۆنی نەوشێروان مستەفای لە ئێمە کرد، ئێمەش تەلەفۆنی نووسینگەی جێگری سکرتێری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (نەوشێروان مستەفا)مان پەیدا کردو خۆم گەیاندمە پۆلیس. ئەحمەد عەزیز بە برادەرێکی نزیکی خۆی گوتبوو کە ئێمە نەوشێروان مستەفا-مان وەکو شایەدێک بۆ پرسی دادگاییکردنی تۆمەتبار نزار خەزرەجی دەستنیشان کردووەو، پۆلیسی دانمارکی دەیانەوێت پەیوەندی پێوە بکەن. ئەو برادەرە قسەکانی کاک ئەحمەد عەزیزی بە نەوشێروان گەیاندبوو، نەوشێروان گوتبووی: (ئەگەر پۆلیسی دانمارکی پەیوەندییان کرد، پێیان بڵێن نەوشێروان مستەفا لەسەر ئەو ژمارە تەلەفۆنە پەیدا نابێتو، پێیان مەڵێن لێرەیە). دوای ماوەیەک پۆلیسی دانمارکی پەیوەندییان بەمنەوە کردوو گووتیان: نەوشێروان بەهۆی ئەو ژمارەیەی کە تۆ داوتە بە ئێمە دەست ناکەوێت! هەر بەهۆی ئەحمەد عەزیزەوە ژمارەی مۆبایلی نەوشێروان مستەفا-مان پەیداکردو ژمارەکەیم دایە ئەفسەرێکی سەربە دەستەی پۆلیسی لێکۆڵینەوە لە تاوانە گەورەکان. نزیکەی مانگێکی پێچوو، لە تەلەفۆنێکی ئەفسەرەکەی پۆلیسدا پێمی راگەیاند: (نەوشێروان مستەفا گووتی: من نامەوێت سەبارەت بەو پرسە قسە بکەم. نامەوێت شایەدی لەدژی خەزرەجی بدەم. بۆ دەتانەوێت بەتەنیا نزار خەزرەجی دادگایی بکەن، ئەی تاوانبارانی تری ئەنفال؟ هەتاکو ئێستاکە ئێوە لەکوێ بوون؟ بەو دادگاییکردنەی کە دانمارک دەیکات لەدژی نزار خەزرەجی ئێوە خزمەت بە سەدامو حزبی بەعس دەکەن. ئێوە بە دادگاییکردنی خەزرەجی داکۆکی لە سەدام دەکەنو تەمەنی حزبی بەعس درێژدەکەنەوەو، دەبنە هۆی مانەوەو نەڕووخانی سەدام)! کاتی خۆی ئەو شتانەم هەمووی بۆ ئەحمەد عەزیز، نەوزاد مارف، گۆران هەڵەبجەیی، برادەرانی رێکخراوی چاک - کوردۆ سایدو چەندین برادەرو کەسانی تر باسکردووە.

لەسەفەرێکیساڵی (2003)مدا بۆ کوردستان، لەڕێکەوتی (8.7.2003)دا لە مەڵبەندی سێی هەولێری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لیوا فوئاد چەلەبی نوێنەری مام جەلال لەو مەڵبەندەم بینی. لیوا فوئاد پرسیاری پرسی دادگاییکردنی خەزرەجی لێکردم کە بەکوێ گەیشتو خەزرەجی چۆن رایکردو ئێستاکە لە کوێیە؟ دوای وەڵام دانەوەی پرسیارەکان، فوئاد چەلەبی گووتی: (دوای رووخانی رژێم نەوشێروان مستەفام بینی، کە هەر لە تۆشم بیستبوو کە ئەو نەیویستووە شایەدی لەدژی نزار خەزرەجی بدات. لێم پرسی لەبەرچی نەیویست بێت بۆ دانمارکو شایەدی لەدژی نزار خەزرەجی بدات؟ کەچی نەوشێروان لە وەڵامدا گووتی: ئەو سەگبابانە هەتا ئێستا لە کوێ نووستبوون؟ ئەی کاتێک کە کوردستان کیمیابارانو ئەنفال دەکرا، ئەوانە لە کوێ بوون؟ بۆیە نەمویست بێم بۆ دانمارکو شایەدی بدەم).

هەر لە سەفەری ساڵی (2009)مدا بۆ کوردستان لەڕۆژی (9.10.2009)دا بۆ نانخواردنی نیوەڕۆ لەماڵی لیوا فوئاد بوومو، هەمان پرسیارم لێکردەوە سەبارەت بە هەڵوێستی نەوشێروانو، ناوبراو هەمان وەڵامی سەرەوەی نەوشێروانی بۆ دووبارە کردمەوە.

دوێنێ ئێوارە، رۆژی شەممە رێکەوتی (27.2.2010) لە دیمانەیەکی کەناڵی ئاسمانی (کەی. ئێن. ئێن)ی بزووتنەوەی گۆڕان لەگەڵ پێشمەرگەی دێرین (مام رۆستەم کەرکوکی)دا، مام رۆستەم نامەکانی مام جەلالو فوئاد مەعسومی خستەڕوو وەکو پەیوەندییەک لەنێوان سەرکردایەتی (ی. ن. ک)و بەعس. هەر سەبارەت بە بڵاوکردنەوەی ئەو دوو نامەیە لە رۆژنامەی رۆژنامە لەڕێکەوتی (22.7.2009)دا، ئەوەبوو رۆژی دواتر، واتە (23.7.2009) رۆژنامەنووس پشتیوان سەعدوڵڵا بە تەلەفۆن پەیوەندی پێوەکردمو داوایکرد کە دیمانەیەکم لەگەڵ ئەنجام بدەن بۆ (کەی. ئێن. ئێن) یان بۆ رۆژنامەی رۆژنامە. سەرەتا دەستخۆشی بڵاوکردنەوەی هەردوو ناکەمەم لێکردن، بەڵام هیوای ئەوەم خواست کە تەنیا بۆ ریکلامی هەڵبژاردن بەکاری نەهێنن. لەوەڵامدا باسی ئەوەیکرد کە ئەوان باوەڕی تەواویان بە رەوایەتی

دادگاییکردنی تۆمەتبار نزار خەزرەجی هەبووە. پێمگووت من دەمەوێت روونکردنەوە لەسەر نامەکانی مام جەلالو فوئاد مەعسوم بدەم بۆ میدیای ئێوە، بەلاّم بۆ نامەکەی ئیحسان عەبدولعەزیزی بەرپرسی بزووتنەوەی ئیسلامی-تان بلاونەکردۆتەوە؟ گوتی ئەو نامەیەمان بەدەست نەگەیشتووە، پێم گووت: (بەلاّم دوێنێ بە تەلەفۆن لە ئەحمەد عەزیزم پرسی، ئەو گووتی: نامەی ئیحسان عبدولعەزیز-یشم داوە بەوان. هەروەها خۆشم شەوی رابردوو نامەکەی ئیحسان عەبدولعەزیزم بۆتان ناردووە). گفتیدا کە ئەویش بلاّوبکەنەوە. دواتر بەگوێرەی لێدوانەکانی میدیای یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەرکەوت کۆمپانیای ووشە لەگەڵ ئیسلامییەکان گفتیان بەیەکدابوو کە هێرش نەکەنە سەر یەکتر، هەر بۆیەش رۆژنامەی رۆژنامەو (کەی. ئێن. ئێن) نامەکەی بەرپرسی پەیوەندییەکانی بزووتنەوەی ئیسلامیان بلاونەکردەوە. بە پشتیوان سەعدوللاّم گووت: (بەتەلەفۆن قسەتان بۆ دەکەم بەمەرجێک قسەکانم نەبڕن. من بۆ مێژوو قسە دەکەمو مێژوو چۆن بووە وای دەگێڕمەوە: نەوشیروان مستەفا ئەوکات جێگری سکرتێری گشتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بووەو، ئەگەر هەڵوێستی ئەو سەبارەت بە پرسی دادگاییکردنی نزار خەزرەجی لە هەڵوێستەکانی مام جەلالو فوئاد مەعسوم خراپتر نەبووبێت، هەرگیز باشتر نەبووە). دوای ئەوەی باسی تەواوی قسەکانی نەوشیروانم بۆ کرد کە بە پۆلیسی دانمارکی راگەیاندبوو، گوتی: (بەدڵنیایی ئێمە تەنیا مەبەستمان ریکلامی هەڵبژاردن نییەو، هەوڵدەدەین ئەمڕۆکە پەیوەندیت پێوە بکەین، ئەگەرنا بە ئیمێل چەند پرسیارێکت لێ دەکەینو وەکو دیمانەیەکی رۆژنامەنووسی بلاوی دەکەینەوە). هەر لە وەلاّمەکەیدا زانیم نە تەلەفۆنەکە دەکەنو نە دیمانەکەش بە ئیمێل ئەنجام دەدەن، چونکە دەیانزانی وەکو کە ئەوان دەیانەوێت قسە ناکەم بەڵکو بەوشێوەیە راستییەکان دەدرکێنم کە بینیومن. هەرواش دەرچوو لەبەرئەوەی بەرژەوەندییان لەوەدا نەبوو ئەو بەڵێنانەی بەمنیاندا سەبارەت بە پەیوەندی پێوەکردنو دیمانە تاوەکو ئێستاکەش نەیان هێنایەدیو منیش لەچاوەڕوانی گۆدۆ دام. خۆزگە کۆمپانیای ووشە ئەوەندە بازرگانییان بەو نامانەوە نەدەکردو هەڵوێستی نەوشیروان مستەفا-شیان باسدەکرد. جا بەئاراستەکردنی پرسیارێک بێت لە نەوشیروان خۆی یان ئەحمەد عەزیز تاڵیب، سەبارەت بە هەڵوێستی نەوشیروان لەمەڕ دادگاییکردنی تۆمەتبار نزار خەزرەجی لە دانمارک، بەتایبەت کە ئەحمەد عەزیز تاڵیبی ئەندامی کۆمیتەی خستنەگەڕی هەوڵەکان بۆ دادگاییکردنی تۆمەتبار نزار خەزرەجی، یەکێکە لە کاندیدەکانی بزووتنەوەی گۆڕان لە کەرکوک بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی ئێراق لەرێکەوتی (7.3.2010)دا!

تێبینی: هەر لایەنو کەسێک بە مەبەستی وەرگرتنی زانیاری زۆرترو رودتر، بۆیان هەیەو دەتوانن بەهۆی ژمارەی تەلەفۆن (44 33 14 25 -0045) یان ئیمێلەکەمەوە پەیوەندیم پێوە بکەن، ئامادەشم بۆ هەر کەناڵێکی ئاسمانی باسی نامەکانی سەرکردایەتیو پارتە کوردستانییەکان بکەم بەبێ جیاوازی، بەلاّم هەر کەسێک بە مەبەستی گلەیی کردن لەوەی کە ناوی لایەنەکەی یان ناوی خۆی هاتووە کە گوایە ئێستا کاتەکەی لەبار نییە، گوێی لێ ناگرمو تەلەفۆنەکەی بەسەردا دادەخەم. پێمخۆشە هەرکەسێک گلەیی هەیە با ئازادانە بە نووسین وەلاّمم داتەوە.